

# کۆداپتەرێک لە ژێر ئاویش فیلم دەگرێت

کۆداپتەر ئەرکێکی گەورەی کاری فیلم هەڵگرتنەوەی چ لە شوێنە مەترسییەکان و چ بۆ فیلمە سینەمایییەکان ئاسان کردۆتەوە، بەڵام هەموو کۆداپتەرەکان تەنیا لە ئاسمانەوە فیلم هەڵدەگرنەوە. کۆداپتەری جۆری HexH2O Pro V2 دەتوانێت لە هەموو جۆرە کەش و هەوایەك و لە هەموو جێگایەك فیلم هەڵبگرێتەوە. نە تەنیا لە ئاسمانەوە بگرە وەك ئۆتۆمبیلێکی بچووك لەسەر زەوی و وەك ژێر دەریاییەك لە ژێر ئاو فیلم هەڵدەگرێتەوە. لە سەختترین و ناخۆشترین کەش و هەواشدا وەك بەفر و باران و بادا کێشەی بۆ نایەتە پێش.

باشترین کامێرای فیلم گرتنی وەك X3 و DJI هەڵدەگرێت و لە رێگای مۆبایل و کۆنترۆڵی تایبەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت بە هەر شەحنکردنەوەیەك دەتوانرێت هەتا ٣٠ خولەك فیلم هەڵبگرێتەوە.



# کەڤەرێکی ئایفۆن بۆ جگەرەکێشەکان

کەڤەری مۆبایل تەنیا بۆ داپۆشینی رووکاری مۆبایلەکەیە و وەك پشتیوانەیەکیش بۆ بەرکەوتن و تەڕ بوون وکەوتنە خوارەوەیە. هەرکەسە بەپێی ویستی خۆی کەڤەر دیاری دەکات، جگەرەکێشەکانیش کەڤەری خۆیان هەیە کە هەم بەرگی مۆبایلە و هەم چەرخی جگەرەکێشانە.

کۆمپانیای ZVE بەرهەمهێنەری کەڤەری جگەرەکێشەکانە کە لە یەکاتدا چەرخی جگەرەیە و هەم شوێنێکی تایبەتیشی هەیە بۆ کردنەوەی سەری شوشە خواردنەوەییەکان. هەر جارێك شەحن بکرێتەوە دەکرێت هەتا نزیکەی ٢٠ پاکەت جگەرە شەحنی دانەبەزێت..

# تەبلێتێکی بەهێز یان وایت بۆردێکی سمارت

کۆمپانیای سۆنی لەم ماوەیەدا تەبلێتی جۆری DPT-RP1 کە شاشەکەی جۆری E-paper واتە جەوهەوری ئەلکترۆنییە خستەڕوو. بریقە و رووناکی تەبلێتەکە زۆر لەسەرێیە ٢٢٠٠×١٦٥٠ دا.

بۆ خوێندنەوەی گۆڤار و رۆژنامەکان، سەیرکردنی دۆکیۆمێنتەکان زۆر گونجاوە. تەبلێتەکە بەهۆی ئەوەی کە شاشەکەی جەوهەری ئەلکترۆنییە وزەی کەمتری دەوێت، رێك وەك کاغەزی ئاسایی دەچێت، ئەگەر بە قەڵەمی تایبەت لەسەر شاشەکە دەنووسی هەست بەوە دەکەی کە لەسەر کاغەزێکی ئاسایی دەچێت، چونکە شاشەکە گەورەیە بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامەکاندا هەست بەوە ناکەی کە ئامێرێك بەدەستەوەیە. شاشەی تەبلێتەکە ١٣,٣ ئینجە. دەکرێ وەك وایت بۆردێکیش لە شوێنە فێرکارییەکاندا سوودی لێوەربگری.




# هاردە SSD یەکان شوێنی هاردی HDD دەگرنەوە

لە ماوەی تەنیا دەساڵدا گۆڕانکارییەکی زۆر بە ئەو ئامێرانەی هەڵگری داتان و داتاکان رادەگوێزن داهات، کە باسی فلۆپی بکەین ئەوە وەك وایە باسی مێژوویەکی زۆر کۆن بکەین، دواتر بوو بە CD و دوای ئەوەش DVD و دواتر بلورەی و فلاش میمۆری و هارددیسکی پورتێبڵ. ئێستاکەش SSDیکی پورتێبڵ..

نوێترین هارددیسکی جۆری SSDی پورتێبل کە بە My passport SSD ناسر اوە، بەقەد فلاش میمۆرییەکبچووکە. لە ٢٥٦ گیگابایتەوە دەست پێدەکەن هەتا یەك ترابایت. خێرایی راگواستن داتاکان لەم SSD دا زۆرە، چەند بەرابەر خێراتر لە هارددیسکە پورتێبڵەکان. ئەم جۆرەیان پتەوە ئەگەر لە بەرزایی را بەربێتەوە کێشەی بۆ نایەتە پێش.

هاردی جۆری SSD لە داهاتوودا شوێنی HDD دەگرێتەوە. چونکە وزەی کەمی دەوێ، کێشی کەمە و گەرم دانایەت. هیچ شتێك لە هاردی جۆری SSD دا ناسوڕێت کە بە شۆکی کارەبایی تێك بچێت. بەڵکو میمۆرییەکی زۆر بەهێزە..

# کارگەی چنین دیجیتالی لە ماڵەوە

پرینتەرە سێ لایەکان واتە 3D گۆڕانکارییەکی گەورەیان پێکهێنا، بەهۆیانەوە دەکرێت کەلوپەل و پێداویستییەکانی ماڵ، پزیشکی، وەرزشی، پیشەسازی..تاد. پێ دروست بکرێت. بەڵام کێشەی پرینتەرەکان ئەوەیە کە دەبێ ئەو کەلوپەلانەی دروستیان دەکات مادەی سەرەکیان پلاستیك، یان ئاسن و سیرامیك بێت.

لەم رۆژانەدا ئامێرێك بەرهەم هاتووە کە وەك کارگەیەکی چنین لەماڵەوە دەچێت، هەر ئەوەندە بەسە کە خۆت بە کۆمپیوتەر ئەوەی مەبەستە پێی بدەی تاکو بە وردی بۆت بچنێت، بۆ نمونە (بلوز، کراس، پێڵاو، پانتول..تاد).

ئامێرەکە پێی دەگوترێت Kniterate، بەهۆیەوە تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك و فکرەیەك ئیدی ئەوەی مەبەستتە بۆت دروست دەکات. ئامانجی کۆمپانیاکە لە بەرهەمهێنانی ئامێرێکی وا ئەوەیەکە بکرێت لە داهاتوودا هەر لە ماڵەوە هەموو کەس بۆخۆی جلوبەرگی خۆی دروست بکات و پێویستی بە جلوبەرگی کۆمپانیا مەزنەکان نەبێت، بەڵام تا چەند سەرکەوتوو دەبێت ئەوەیان لە داهاتوودا دەزاندرێت..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هەست بەوە دەکەم کە ئەکاونتی gmailەکەم هاك کراوە بەڵام زۆریش دڵنیانیم، بۆ دڵنیایی زیاتر چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوەی جیمیلەکەت ئەو دەستەواژەیە بدۆزەوە Last Account Activity دواتر لەسەر فەرمانی Details بکە، ئیدی لیستی گشت ئەو کۆمپیوتەر و مۆبایلانەی کە سەریان لە جیمێلەکەت داوە و بەپێی کات و رێکەوتەکەیان دەخاتەڕوو. لەوێ دڵنیا دەبی کە چ کەسێك و لە چ شوێنێك ئەکاونتەکەی کردوویەتەوە..




# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامە سیخوڕییەکان

پرۆگرامە سیخوڕییەکان زۆر خراپتر و پڕ کێشەترن لە ڤایرۆس و ترۆجان و کرمە کۆمپیوتەرییەکان. چونکە ڤایرۆسەکان تەنیا کێشەیەك دروستی بکەن ئەوەیە پرۆگرامەکان تێکدەدات یان دەسڕێتەوە. بەڵام پرۆگرامە سیخوڕییەکان و فایلەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت دەدزن و بۆ شوێنی مەبەستی دەگوازنەوە..

پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان سڕینەوەی پرۆگرامە سیخوڕییەکانە، پرۆگرامی super antispyware یەکێکە لەم پرۆگرامانە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە لە کەمترین ماوەدا دەتوانی هەرچی فایلی سیخوڕییە لە سەر سیستەم بسڕیەوە. پرۆگرامەکە دەتوانێت Spyware، Adware، Malware، Trojans، Dialers، Worms، KeyLoggers، HiJackers، Parasites، Rootkits بسڕێتەوە و لەناویان بەرێت.

تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

- چاودێری بەسەر گشت سیستەمدا.
- چاودێری بەسەر ئەو فایلانەی لە ئینتەرنێت دایان دەبەزێنی.
- ئیزن نەدان بە جێبەجێ نەکردنی پرۆگرامە سیخوڕیەیکان.
- خێراییەکی زۆر
- گونجان لەگەڵ گشت سیستەمەکانی ویندۆزدا



# کامێرا ٣٦٠ پلەی نۆبیا و تایبەتمەندییەکانی

پێدەچێ کامێرا ٣٦٠ پلەیەکان واتە ئەو کامێرایانەی کە لەیەك کاتدا لە هەر چوار دەوروبەر وێنە دەگرن شوێنی کامێرای دیجیتالی ئاسایی بگرنەوە. لە ماوەی دوو ساڵدا گۆڕانکارییەکی جیدی بەسەر کامێرای ٣٦٠ پلەیی داهاتووە. کۆمپانیای نۆبیا نوێترین کامێرای ٣٦٠ پلەی خستە بازاڕ، کە بەجۆری NeoAir VR ناسراوە، کوالیتی ئەو وێنە و فیلمانەی بەو کامێرایە دەگیردرێن، بەم جۆرەن. وێنەکان (٣٠٠٨×١٥٠٤ پیکسل) و ڤیدیۆیەکان بە روونی (٢٥٦٠×١٢٨٠ پیکسل).

کێشی کامێراکە زۆر کەمە کەمتر لە ٢٧ گرام. دەکرێت راستەوخۆش کاری پێبکرێ و دەشکرێ بە کێبڵێکەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند بدرێت. بە ئاسانی لە رێگادا دەتوانی وێنەکانت راستەوخۆ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکا بەرێ بکەی.



# سایتێک دەستخەتەکان دەکات بە فۆنت

حەزدەکەی نامەیەك بە دەستخەتی خۆت تایپ بکەی، بەڵام ئەو فۆنتەی کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەیە لەگەڵ دەستخەتی خۆت جیاوازە..

سایتی MyScriptFont.com دەتوانێت دەست خەتی خۆت بکات بە فۆنت و بە جۆرێك کە هەموو کەس سوودی لێوەربگرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەستخەتی خۆت لە فایلی PDF یا PNG لە سایتەکە وەربگری و پرێنتی بکەی، بە قەڵەم تۆخی بکەی. فایلە سکانکراوەکە جارێکی دیکە بۆ سایتەکە بنێرە و دواتر دوگمەی start لێبدە ئەوکاتە فۆنتێك بە دەستخەتی خۆت وەربگرە..